# سورەتی -النجم-م خوێندەوە لە پێش پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ سوجدەی تێیدا نەبرد

لە زەیدی کوڕی سابتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «سورەتی -النجم-م خوێندەوە لە پێش پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ سوجدەی تێیدا نەبرد».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

زەیدی کوڕی سابت -ڕەزای خوای لێبێت- سورەتی -النجم-ی خوێندەوە لە پێش پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، کاتێک ئەو ئایەتەی خوێندەوە کە لە پاش خوێندنەوەی سوجدەبردن سونەتە؛ بەڵام زەید سوجدەی نەبرد وهەروەها پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- سوجدەی نەبرد، ووتراوە: بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوجدەی نەبرد چونکە زەید سوجدەی نەبرد بۆیە سەرەتا دەبێت خوێنەری قورئان سوجدە ببات پاشان ئەوەی گوێی لێدەگرێت سوجدە دەبات. ولەم حاڵەتەدا سوجدەی نەبرد مانای ئەوە نییە کە هەرگیز سوجدە نەبرێت لە پاش خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی کە سوجدەبردن -سوجدەی تیلاوە- لە پاش خوێندنیان سونەتە؛ ولەوەیە بەهۆی ئەوە سوجدەی نەبردبێت بۆئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە دروستە سوجدە نەبرێت پاش خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی کە لە پاش خوێندنەوەیان سوجدە بردن سونەتە، وئەمیش پەسەندترین ئەگەرە وئیمامی شافیعی جەختی لەسەر ئەمە کردووەتەوە چونکە ئەگەر خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی کە فەرمانی سوجدە بردنی تێدا هاتووە واجب بووایە؛ ئەوا فەرمانی بە زەید دەکرد سوجدە ببات ئەگەر لە پاش خوێندنەوەی سورەتەکیش بێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11240